# سەرکردەتان کێ یە؟



نووسەر: عوسمان ئەحمەدی
نگارکێش: ئایرین
٢٠٢٠/٠٧

# سەرکردەتان کێ یە؟

نووسەر: عوسمان ئەحمەدی
نگارکێش: ئایرین
٢٠٢٠/٠٧
بەرهەمی: هەوارگەیدڵان
www.hawargaydlan.com



ڕۆژێ ڕۆژگارێ تاقمێکی جرِوجانەوەری کێوی لە دارستانێکا ژیانێکی ئاساییان هەبوو.
کتووبڕ تاقمێکی کەڵەباب کردیان بە ناو دارستانەکا و کردیان بە هەرا. کەڵەبابی سپی لەم لاوە ئەیدا لە شەقەی باڵ و ئەی خوێند لەولاوە کەڵەبابی ڕەش ئەی کردە هەرا و هی ئەوکۆتایی پێ نەدەهات کەڵەبابی بۆرچین ئەیکرد بە سەر بەرزی یەکا و بە هەموو هێزو

توانایەوە ئەی خوێند.
ئاژەڵەکان هەرکام خۆیان کرد بە سووچێکا و زەنەقیان تۆقیبوو. گورگ کەوتبووە لەرزە، پڵنگ ڕەنگی هەڵ بزرکا بوو.
مام ڕێوی لە حاڵێکا وەکوو وەنەن ئەلەرزی بە ملەتاتکێ سەیری ئەم لاوئەولای ئەکرد، کتوپڕ گورگ لێی نێزیک بووەوەو وتی مام ڕێوی تۆ لە هەمووان بە ئاوەزتری ئەم هەرایە چی یە ؟ وتی بە خوا نازانم من وەختە زیرە دابێڵم، تا ئێستە بەڵای وام نەدیوە.

گورگ وتی دەی تۆ چۆن بیر ئەکەیەوە چی بکەین؟ وتی بەخوا منیش وام لەم بیردا نازانم ! من پێم وایە من بە هێواشێ بچم سەروگوێ یەک بدەم بەئاوا بزانم چ باسە. گورگ وتی دەی نامەردت نەکەن گورج بە!.




مام  ڕێوی بە دڵەلەرزە، کەوتە ڕێ
و چوو لە کەڵەبابێکی سپی نێزیک
بووەوە و کڕنۆشی بۆ برد و وتی
گەورەم جرۆجانەوەری ئەم
دارستانە منیان ناردووە خزمەتتان
ئەمانەوێ تێ بگەیین سەرۆک و
گەورەی ئێوە کێ یە، بۆ نۆکەری
بێینە خزمەتی و تێ بگەین شتێکیان
پێویست بێ  فەراهەمی کەین.
کەڵەبابی سپی دای لە شەقەی باڵ



و بە هەموو توانایەوە قووقوولی قووی خوێند و وتی جا ئێستە حاڵیتە منم سەرکردە
و سەرئیل، وە هەموو، وان لە ژێردەستی من دا. مام ڕیوی لەو دوور کەوتەوە و چوو
لە کەڵەبابێکی بۆرچین نێزیک بووەوە و کڕنۆشی برد و وتی گەورەم پێم وایە تۆ



گەورەی هەموانی ئەگەر بە هەڵە
نەچووبێتم.
وتی نا بە هەڵە نەچوويي منم
سەرکردەی هەموو و دای لە
شەقەی باڵ و قووقوولی قووی
خوێند.



مام ڕیوی بە هەلی زانی، بۆی
دەرباز بوو، چوو بۆ لای کەڵەبابی
سوور، ئەویش هەروا هات بە
شان و باهۆی خۆیا وتی دیارە منم
سەرۆکی هەمووان، لە بەرزاییەک
سەرکەوت و دای لە شەقەی
باڵ و مام ڕیوی یش بەهەلی زانی،
هەڵات و چوو بۆ لای مامە
گورگ.

مامە گورگ بە لەرزە لەرزە وە بەرەو پیری مام ڕیوی چوو و لێ پرسی خێرابە شتێکت دەس کەوت؟ وتی ئەرێ گەورەم، هەموویان خۆیان بە سەروەر و گەورە دائەنێن، کەس گوێ ڕایڵی کەس نیە، خۆی بە گەورە و سەروەر ئەزانێ. پێم وایە خودا هاتووە بە هاوارمانەوە ئەم خۆراکە خۆشە بە تامەی بۆ ناردوین٠



جا دەستیان کرد بە خواردنیان و لێویان ئەلستەوە و شوکرانە بژێری خوا بوون٠

# سەرکردەتان کێ یە؟

نووسەر: عوسمان ئەحمەدی
نگارکێش: ئایرین
٢٠٢٠/٠٧
بەرهەمی: هەوارگەی‌دڵان
www.hawargaydlan.com